# لە چوارەمین ساڵیادی شەهادەتی کاک توفیق کریمپور، شەهیدی فەرماندە و ئەندامی کومیتەی ناوەندیی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

سیامەند



تۆ مێرمنداڵ بووی کە ئەوینی شۆڕش و پێشمەرگایەتی لەدڵتدا رەگی داکوتا، هەربۆیە شوێن ئەوین و دوا هیوات کەوتی و رویشتی و لەبەردەلانی قەلای خەبات دا و چەند ساعەتێك دورتر لەماڵ و کەس و کارت، چوویە ناو کۆڕی هەوالان. پرسیاریان لێکردی کە چۆنە هاتووی ، وەلامت دا بۆ پێشمەرگایەتی هاتووم، هاتوم ببمە پێشمەرگە، پێشمەرگەی کوردستان. یەکەمین جار جوابیان کردی و وەریان نەگرتی. ئاخر هێشتا بەو گشتە توانا و وره و لێهاتوویەی تۆیان نەزانیبوو. بەلام ئەوین بە پێشمەرگەیی و هەستی نیشتمان پەروەری ئیزنی نەدا، دڵە بچکولانەکەت لە برا پێشمەرگەکانت برەنجێ و سوور بووی لەسەر مانەوە بە پێشمەرگایەتی.

کێ دەیزانی تۆفیقە چکۆل، ئەو تۆفیقەی رازی نەبوون بە مانەوەی، دەبێتە ئەو قارەمانەی کە خەڵکی دیهات و شاری ناوچە جیاجیاکانی کوردستان شانازی پێوە بکەن؟ کێ خەیاڵی بۆوە دەچوو رۆژێك دادێ دژمن بە بیستنی ناوی ئەو بێچوە شێرە هێزی ئەژنۆی نامێنێ؟

ئەو رۆژانەی کە کاك تۆفیقە چکۆل و زۆری دیکە لە هەڤالانی وەك ئەو، لەسەنگەری دیفاع لە مەوجوودیەتی سازمانی خەبات و لەبەربەرکانێ لەبەرانبەر هێزی تەیار بە چەکی رژیمی ئاخوندی گیان فیداییان دەکرد، رۆژ و سەردەمانێکن کە بۆ هەمیشە وەك چۆڵەچرا رووناکی دەدات و تاسەر دەبنە هەوێنی برایەتی و بەخەمەوەبوونی هاوباوەڕانی رێبازە پیرۆزەکەی سازمانی خەبات . ئەو رێبازەی چەقلی چاوی دژمن و، خۆشەویستی گەلە، ئەو سازمانەی چاوچنۆکان خەوی گولی ی پێوە دەبینن و نەیاران و حەسوودان سەریان بە ناو و بە رێبازی پاك و بێخەوشی کاس دەبێ و چاویان عەرز نابینێ.

کاك تۆفیقی بەرێز، شەهید و هەڤاڵ و هاوسەنگەر و شۆڕشگێرە خۆشەویستەکەم، بە شەهیدبوونت، خەفەت دایگرتین، بە بیرەوەرییەکانت بە لێهاتوویيت بەو ئەوینەی لە راست سازمانی خەبات لەدڵت دا ریشەی داکوتابوو، ئێستاش کۆری هەڤالان سەرسامن بە تایبەتمەندیە کەم وینەکانت.

بەراستی شەهادەتت، کۆست و خەسارەتێکی گەورە بوو لە کورد و سازمانی خەبات کەوت. شەهید بوونت کارەسات و موسیبەت بوو بۆ من و هەموو هاوبیرانت.

دڵنیابە، هاوباوەرانی رێبازە پیرۆزەکەت، رێبوارانی رێگەی سەرفرازی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، بەردەوام دەبن لە تێکۆشان و کۆڵ نەدان لەرێگەی پڕ لەسەروەریی کوردایەتی و ئازادیخوازیی، سازمانی خەباتی تێکۆشەر و نیشتیمان پەروەر.

یادت بە خێر بێ و روحت ئاسودە بێ.

## سپای پاسداران کاری ڕووبەڕوو بونەوە ی هەڕەشەکانی ناوخۆیە یان هەڕەشەکانی دەرەوە

پاسدار محمد علی جەعفەری فەرماندەی تازەی سوپای پاسدارانی رژیمی ئێران دەڵێ: هەڵسوڕانی سەرەکی هێزەکانی لەم هەل و مەرجەدا بۆ ڕوبە ڕووبونەوە لەگەڵ هەڕەشەکانی ناوخۆی ئێرانە. پاسدار جەعفەری کە هاوکات فەرماندەیی هێزەکانی بەسیجیشی لە ئەستۆیە، لە ڕێو رەسمی لە سەر کارلاچوونی فەرماندەی پێشووی هێزەکانی بەسیج دووپاتی کردەوە کە کاری سەرەکی سپای پاسداران، ڕووبەڕوو بونەوەیە لەگەڵ هەموو هەڕەشەییێك بەتایبەت هەڕەشە ناوخۆییەکان. (دیارە ئامانجەکانی ئێستا لە لایەن ویلایەتی فەقێ وە دیاری دەکرێ کە ڕووبەڕوو بونەوە لەگەڵ هەڕەشەی ناوخۆیە و ئەگەر هەرەشەییکی دەرەکی هەبێ سپا پشتیوانی ئەرتەش دەکا.) قسەکانی فەرماندەی تازەی سپای پاسداران لەگەڵ ئەوەی کە ئامانج لەو ئاڵ و گۆڕانەی کە لەم ئاخریانەدا لە فەرماندەیی سپای پاسداران ڕویدا ڕوونی کردەوە کە بەپێچەوانەی ئەوەی کە لە چاپەمەنیەکانی جیهانیدا باس کراوە ئێران ئەو هەڕەشانەی دەرەوە بە جیددی ناگرێ و هەڕەشەکانی ناوخۆیی زیاتر بە مەترسی دەزانێ. بەلام لە ڕاستیدا لەکاتێکەوە بەرنامە ناوکەییەکەی ئێران بۆتە کێشەیێکی نێو دەوڵەتی زۆرێك لە توێژەرەکان هێرشی سەربازی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بۆسەر ئێران بە گەورەترین هەڕەشە بۆ سەر رژیمی ئێران دەزانن وبەردەوام دوپاتی دەکەنەوە. کامەیە هەڕەشەی دەرکی؟ ئەو کەسانەی گرینگی بە هێرشی سەربازی ئەمریکا و ئیسرایل بۆ سەر ئێران بە جیددی دەزانن، پێ یان وایە لە چوارچێوەی هێرشی ئاسمانی و موشەکی یەو پێ یان وایە هیچ کات هێرشی زەمینی ڕوو نادا لە بەر ئەوەی ئێران ولاتێکی بەرینەو ئەو کێشانەی لە عێراق و ئەفغانستان بۆ ئەمریکا دروست بوون، ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە هێرشی زەمینی خۆ دەبوێرن. بەپێی ئەو بەراوردەی بەرپرسانی رژیمی ئاخوندی بۆیە هێرشی ئاسمانی و موشەکی بە هەڕەشەی سەرەکی دژ بە خۆیان نازانن، چوونکە پێ یان وایە هێرشی ئاسمانی و مووشەکی ڕووخانی ڕژیمی لێ ناکەوێتەوە. بۆیە بەرپرسانی رژیمی ئێران گرینگی بە هەڕەشەکانی ناوخۆ دەدەن تا هەڕەشە خارجیەکان کە بە بۆچونی هێندێ لەو ئەفرادە بە دەسەلاتانە کە لە بەڕێوەبەرایەتی ئەمریکادان بە شێوەییکی بەرین باس لە پشتیوانی ئەمریکا لەو شۆڕشە ناوخۆییانەی ئێران بۆ ڕوخانی رژیمی دەسەلاتدار دەکەن. وادیارە بەرپرسانی رژیمی ئێران لە بۆچوونی ئەو کەسانە، واتێگەیشتوون کە ئامانجی سەرەکیی فشار هێنان بۆ رژیمی ئاخوندی و دانانی ئابلوقەی ئابوری بۆ زیاتر بوونی نارەزایەتی ی خەڵك و هاندانیان دژ بە رژیمە، خۆ ئەگەر هێرشی سەربازیش ڕوبدات، هەنگاوێکی وەك ئەوەی کە هێزەکانی ناتۆ لە ولاتی یوگسلاوی بۆ ڕوخانی رژیمی اسلوبودان میلوشویچ ئەنجامیان دا هەڵ دەگیرێ. بەم شێوەیە، مەترسی ی ڕێبەرانی رژیمی ئێران لە بەرەو سەرچوونی شۆڕشەکانی ناوخۆییە، ئەو ڕاستیە پاسدار جەعفەری نەك هەر نەی شاردەوە بەڵکوو بەقەست پەنجەی دەخستە سەرو تەئکیدی دەکردەوە کە کاری سپا ڕووبە ڕووبونەوە لەگەڵ هەڕەشەی ناوخۆییەکانە و دووپات کردنەوەی جەعفەری هەڕەشە بوو بۆ سەر خەڵکی ئێران و ئازادیخوازانی ئێران. بەسەر ئەوەدا، هێندێك لایەن کە نزیکن لە دەسەلاتی رژیمی ئێران، ئەوەندە هەڕەشەکانی ناوخۆ دژ بەرژیم گەورە دەکەنەوە کە حەستەمە بتوانرێ هەڵسووڕانی رەخنە گرانەو ئاشتیخوازانە بەدەر لە هەڕەشە ناوخۆییەکان جیابکرێتەوە لەو نێوانە دیارنیە کە مەبەست لە هەڕەشەی ناوخۆیی هەڵسوڕانی وەك هێندێك هەنگاوی فکری هێزە موخالەفەکانی رژیم لە سنورەکانە یا ئەو شۆرشانەی کە غەیرە ڕێکخراوەین و بەهۆی خراپی ی وەزعی ئابوری دروست دەبن و یا ئەوەی کە هەڵسوڕانی رەخنەگرەکانی ڕژیم بەشێك لەو هەڕەشانە بژمێردرێن؟ لەو مانگانەی دواییدا، بەشێك لە چاپەمەنی ی توندڕەو لە ئێران هەوڵیان دا کە هەڵسوڕانی سیاسی دەستەیێك بەناو ئیسلاح خوازەکان کە چوونە مەجلیسی هەشتەم وەك هەڕەشە دژ بە رژیمی ئاخوندی بناسێنن و ئەو مەسەلە مەترسی ئەو دەستەیەی لە مەجلیسی ڕژیمدا زیاد کردوە.

***



## ئەلبرادەعی دەڵێ: رژیمی ئێران تا ٢٢ی نوامبر کاتی لە بەردەم دا ماوە

محمد ئەلبرادەعی، بەڕێوەبەری گشتی ی رێکخراوی نێو نەتەوەیی وزەی ئەتۆمی وریایی دا بە رژیمی ئێران کە تەنیا تا ٢٢ ی نوامبر کاتی هەیە گومانەکان سەبارەت بە بەرنامە ئەتۆمیەکەی خۆی لابەرێ. برادەعی لە وتووێژ لەگەڵ رۆژنامەی فانیشناڵ تایمز کە لە لەندەن چاپ دەکرێ وتی. رژیمی ئێران دەبێ ئەو گومانانەی کە لە سەر گەلاڵە ئەتۆمیەکانی هەیە، تا پێش لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی ئاژانسی وزەی ئەتۆمی لە ڕۆژی ٢٢ی نوامبر بەرێوە ئەچێ، لابەرێ. محمد ئەلبرادەعی لەو ڕۆژەدا ڕاپۆرتی خۆی لە سەر هاوکاریی رژیمی ئێران لەگەڵ ئاژانس دەدا بە ئەنجومەنی ئاژانس. ناوبراو ووتی: من بە ئێرانیەکانم وتووە کە ئەمە بۆ تاقیکردنەوەی ئێوەیە،( بۆیە دەبێ شك و گومان لابەرن.) ئەگەر ئەو کارە نەکەن، کەس پشتیوانیتان لێ ناکا. بەڕێوەبەری گشتی ئاژانسی نێو نەتەوەیی وزەی ئەتۆمی وتی دوو شتی گرینگ دەبێ لە چەند حەووتوی داهاتوو روون بێتەوە یەکەم، ئەوەی بەرەو پێش چوون و توانای ئێران سەبارەت بە پیتاندنی ئورانیوم چەندە؟ دووهەم: توانای ئەو رژیمە بۆ بەکارهێنانی مەوادی ئەتۆمی بۆ دروست کردنی چەکی ئەتۆمی چەندەیە؟ ناوبراو بڕیاری ئاژانس سەبارەت بە ڕێکەوتنی لەگەڵ رژیمی ئێران و دانانی ماوەیێکی دیاری کراو بۆ جێ بە جێ کردنی رێکەوتنەکە و زیادی کرد: ئەگەر شك و گومانەکان لە بارەی بەرنامەی ناوکەیی رژیمی ئێران چارەسەر بێ بەردەوام بوونی بەرنامەی پیتاندنی رژیمی ئێران پێوەندی بە بڕیاری کۆمەڵەی نێو نەتەوەییە وپێوەندی بە ئاژانسەوە نیە. ڕۆژی سێ شەممە ٣ی ڕەزبەر، رژیمی ئێران و ئاژانسی نێو نەتەوەیی وزەی ئەتۆمی، ڕایانگەیاند کە لە سەر خشتەیێکی دیاری کراو بۆ لابردنی شك و گومانەکان سەبارەت بە بەرنامەی ناوکەیی خۆی رێکەوتوون. دوای ئەو ڕێکەوتنە، هێندێك لە ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی ئەمریکا بەتوندی ڕەخنەیان لە ئەلبرادەعی گرت. هەر لەو بارەوە گریگوری شولتی، سەفیری ئەمریکا لە ئاژانسی نێو نەتەوەیی وزەی ئەتۆمی وتوویە ڕێکەوتنی نێوان رژیمی ئێران و ئاژانس بۆ ڕوون کردنەوەی بەرنامەی ناوکەیی رژیمی ئاخوندی، خاوەنی ئیمکاناتی بەهێزە. محمد ئەلبرادەعی پێشتر لە ڕێکەوتنی نێوان ئێران و ئاژانسی وەك دوایین مۆڵەتی بۆ ڕژیمی ئێرانی ناو هێنابوو.پێنج ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش و ئاڵمان بڕیارێکیان سەبارەت بە سێهەمین جاری تەحریمەکان تا مانگی نوامبر دواخست.

## ئاڵۆزی لە دانشگای تاران بە هۆی سەردانی ئەحمەدی نژاد



محمود ئەحمەدی نژاد سەرۆك کۆماری رژیمی ئاخوندی رۆژی دوو شەممە ١٦ی رەزبەر بە بۆنەی ساڵی نوێی خوێندن لە دانشگاکان چووە دانشگای تاران کە لەگەڵ نارەزایەتی دانشجوەکان بەرەو روو بوو. بەپێی ڕاپۆرتەکان پێکدادان لە نێوان دانشجوە نارازیەکان لەگەڵ هێزەکانی رژیم لە دانشگا بەرین بووە و هێزە ئەمنیەتیەکان، دانشجوەکانیان داوەتە بەر لێدان و ئازار. بەپێی ڕاپۆرتەکان، دانشجوەکان بە نارەزایەتی لە هاتنی ئەحمەدی نژاد، بە خوێندنەوەی سرودی "یار دبستانی من" چوونە دانشگا کە لەگەڵ هێزەکانی رژیم تێك هەڵ چوون.

سەرچاوەکانی هەواڵدەری دانشجویی، لەوانە "ئیروار نیوز" باسی لە کەڵك وەرگرتنی پۆلیس لە گازی فرمێسك رێژ بۆ بلاوە پێ کردنی دانشجوەکان کردوە. دانشجوەکان شیعاری مەرگ بۆ دیکتاتۆر و مەرگ بۆ ئیستبداد یان بەرز کردەوەو لەگەڵ چەقۆکێشەکانی بە ناو دانشجوی لایەنگری رژیم بەشەڕهاتن. بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵدەریەکان لە تاران لە یەك دوو رۆژی ڕابردووەوە هێزە ئەمنیەتیەکان لە دانشگای تاران جێگیر کراون. هەواڵدەری رژیم بلاوی کردەوە کە هێزە ئینتزامیەکان لە ناوچەی دانشگا دان و وەزعەکەیان لە کونترۆڵ دایە.